www.kurdistannet.org 1-5-2003

# ئایار جەژنی سور

ئیدریس عەلی

هەموو ساڵێك لێرەوە
سرودێك لەخوێن هەڵدەكێشین‌و
شیعرێك بەكفنی سوور دەپێچین‌و
بەشاباڵی پەلەوەرە سپییەكانی هیوادا
بۆكۆشكەبەرزەكانی ئاسمان‌و
باڵەخانە گەرمەكانی ئایندەی دەنێرین..
ئەو ئایندەی پڕیەتی لەوردە باخچەی
رەنگاو رەنگ‌و
لەوردە ئەستێرەی رژاوی زەردەخەنە،
هەمو ساڵێك لێرەدا
لەم گۆڕەپانی خوێن بردن و
مەرگ هاوەرەدا
ریز.. ریز بەپێوە دەوەستین
هەریەكەو پڕی چنگمان نوور..
یەكەو پڕی دڵمان خۆزگەی دوور..
دیەكەو پڕی قوڕگمان هاواری بێ سنور،
ئایار سەوزترین شیعری باخچەی مێژوو
ئایار تەڕترین دڵۆپەی ئاونگی سەر رووی
جەستەی ماندوێتی لاپەڕە سپییەكانی مێژوو،
كلو ..كلو
بەفرە خەسیوەكانی سەر چیا
لەنێو دەستە ئاوەدانییەكانی كرێكاردا
گەرم دەبنەوە..
ئیتر لەسەر كەلاوەی پاشماوەی نەزمی كۆنتان
مەشخەڵی ئازادی‌و
ئاڵای سووری یەكسانی
هەڵدەكەین.